# ڕۆڵی ئافرەت لە بەرهەمهێنانی گوڵاو لەسەردەمی ئاشوری

**م.ی ژاڵە ابوبکر عزیز**
بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەددین
jalla.aziz@su.edu.krd
**م. خانە اکرم محمد**
بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەددین
khana.mohammed@su.edu.krd

**پوختە**

ئافرەتانی میسۆپۆتامیا هەر لە کۆنەوە پێشەنگ بوون بۆ دروستکردنی شارستانیەتی ناوچەکە، لە هەموو سەردەمەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گشت لایەنە جیاجیاکان، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی لە پەرستگا و کۆشک دەژیان لە کایەی ئایینی و ڕامیاری وڵات کاریان کردووە، تاپوتی-بێلات-ئیکالیم(Tapputi-Bêlat- êkallim) یەکێک بووە لە و خانمانەی لە کۆشک سەرپەرشتیاری پیشەسازی بەرهەم هێنانی (بۆن+گوڵاو) بوو بەبەکارهێنانی ڕێگای کیمیایەکانی،بە تایبەت بەرهەلەکانی جوانکاری و چارەسەری تەندروستی، بۆیە بە ناو هێنانی تاپوتی دوو لایەنی گرینگ دەوروژێنرێت؛ یەکەمیان ڕۆڵی ئەفرەت وەک زانا و پیشەکار، دووەم بابەتی بۆن و گوڵاو دروستکردن وەک بابەتێکی پێویستی جوانکاری لە کۆن و لە ئێستادا، چونکە هەر لە سەرەتای مێژووەوە شارستانییەتە کۆنەکان مرۆڤ حەزی لە بۆن و گوڵاوی خۆش بووە، سەرچاوەی سەرەکی زۆربەی جۆرەکانی عەتریش گوڵ و گیا و درەختەکان بوون، جا چ زەیت، یان بۆنی ئاوی بێت. گرنگی بۆنەکان بە درێژایی سەردەمەکان بەردەوامی هەبوو، سەبارەت بە میزۆپۆتامیا، ئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندان لە دەقە مێخییەکان و پاشماوە دۆزراوە شوێنەوارەیەکانن، وەک بەڵگەیەکی بەهێز ئەم پیشەسازییە پشتڕاست دەکەنەوە، کە دانیشتووانەکەی جوانییان لە تەندروستی و بۆنی خۆشیدا دۆزیوەتەوە، ژنان پشکیان هەبووە لە دۆزینەوەی ئەم داهێنانە ئەمەش دوای ئەوەی توانیان ژینگە و سروشتی دەوروبەریان بناسن. ئەم توێژینەوەیە جگە لەم پوختەیەک بەزمانەکانی کوردی وعەرەبی و ئینگلیزی و گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان، لەپیشەکی و سێبەش پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا ڕۆڵی ژنانی میزۆپۆتامیا لە بەرهەمهێنانی بۆنەکاندا ڕوون دەکاتەوە و لەگەڵ ناساندنی خانمی کیمیای و گوڵاو تاپوتی، لە بەشی دووەمدا توێژینەوەکە باس لە بەکارهێنانی مادده بۆنخۆشەکان لەگەڵ شیکردنەوەی دەقە مێخییەکەی تایبەت بە ڕێبەریەکەی گوڵاوی تابوتی. سەبارەت بەشی سێیەم و کۆتایی گرنگترین شێوازەکانی بەرهەمهێنانی بۆن و چۆنیەتی دەرهێنانی لە کەرەستەی سروشتی وەک دار و گوڵ ڕوون دەکرێتەوە و گرنگترین وێنەی ئەم پرۆسە کیمیاییایە بۆ بەرهەمهێنانی بۆن.

کلیلە وشەکان: تاپوتی، تابلێت، سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست، کۆشک، گوڵاو.

**خلاصة**

لقد كانت لنساء وادي الرافدين دورا بارزا في طليعة خلق حضارة في أغلب النواحي الحياة الاقتصادية والادراية والتجارية، لاسيما تللك النسوة اللاتي عشن في المعابد والقصور،عملن كالمشرف على الامور الأدراية والسياسية والدينية في القصور،ومن بينهن تلك النسوة الاتي كانت للهن الدور في ترك البصمة في تاريخ انتاج العطور ومن بين هن تابوتي بيلات تللك المرأة الذكية كيف استطاعت للذكائها ان تكون من أوائل في استخدام طرق الكيميائية لأنناج اجمل روائح لذلك فإن اسم تابوتي يثير جانبين مهمين الاول دور المرأة كعالمة وحرفية، لأن رفت حضارات القديمة منذ فجر التاريخ بإهتمامها بالعطور والروائح الطيبة، النباتية التي هي مصدر الرئيس لأغلب انواع العطور، سواء كانت العطور الدخانية أم الزيتية، أو المائية، واستمرت اهمية العطور على مر الحضارات والعصور، أما في ما يخص بلادالرافدي فإن المعلومات المتوفرة لدينا من النصوص المسمارية واللقى الأثرية تؤكد لنا أن سكانه قد وجدوا أن الجمال في الصحة والاخلاق والعطر الطيي، التي كانت للنساء نصيب في ايجادها، بعد أن استطعن أن يتعرفن على بيئتيهن وكيف تعاملن مع كل ما يحيط بهن بطرق ذكية فبرعوا في استخدام طرق كيميائية بأدوان مطبخية لأنتاج اجمل الروائح، قسم هذ البحث الى ثلاث مباحث، واستنتاج فضلا عن المقدمة في المبحث الأول يشرح الدور

المرأة الرافدينية في إنتاج العطور، وهي تابوتي الملقبة بالكيميائية الاولى كما يتناول المبحث ايضـــا بعض المفردات الواردة في نصـــوص الســـومرية بالفظ الســـومري والأكدي، في المبحث الثاني يتناول البحث اســـتخدامات المواد العطرية من الناحية الدينية والاقتصادية والطبية، فس المبحث الثالث والأخير يشرح اهم طرق انتاج العطور وكيفية استخراجه من مواد الطبيعية من الاشجار والورود، واهم صور لتلك العمليات الكيميائية لأنتاج العطور.

الكلمات المفتاحية :تابوتي، لوح، الآشوري وسيط، قصر، عطور.

**A summary**

The women of the Mesopotamia had a prominent role in the forefront of creating a civilization in most aspects of economic, administrative and commercial life, especially those women who lived in temples and palaces, worked like a supervisor of administrative, political and religious matters in palaces, including those women who had the role of the role in leaving the fingerprint in The date of the production of perfumes, and among them is the coffin of the Tapputi, this is the smart woman. The plant, which is the source of the president for most types of perfumes, whether it is smoky or oil, or water perfume Health, ethics, and perfume, which women had a share in finding, after they were able to learn about their environments and how they dealt with everything surrounding them in smart ways, so they excelled in using chemical methods with kitchen aggression to produce the most beautiful scents, section of this research into three investigations, conclusion as well In the first topic, the role of the Mesopotamian woman explains the production of perfume Methods of producing perfumes and how to extract it from natural materials from trees and roses, and the most important pictures of these chemical processes of producing perfumes.

Keywords: Tapputi, Tablet, Middle Assyrian, palace, perfumes.

**پێشەکی**

تا ئێستا ڕوون نیە کە مرۆڤی وڵاتی دوو ڕووبار چۆن بۆ بەردەست کردنی پێویستیەکانی خۆی ڕێگای کیمیای بەکارهێناوە، بۆ هەڵگرتنی خواردەمەنی وەک گۆشـــت و دروســـت کردنی کورە و بۆیە کردنی گۆزە، بەڵام ئەوەی گرینگە لەم کاتەد درک کردنی مرۆڤە بە دروستکردنی پێکهاتەی کیمیای گوڵاو وەک کەرستەیەکی جوانکاری و بۆن خۆشی مرۆڤ. کۆنترین ئاماژەکان سـەبارەت بە پیشـەسازی بۆن و گوڵاو باس لە لێهاتوی خانمێکی شارستانیەتی وڵاتی دووڕوبار دەکەن بە ناوی (تاپوتی-بیلات-ئیکالیم). کە ئافرەتێکی ســـەردەمی ئاشـــورییە، بە یەکەم کەس دادەنرێت لە وڵاتی دوو ڕووبار گوڵاوی بەرهەم هێناوە بە بەکارهێنانی ڕێگای کیمیای، بۆیە لە هەر شـوێنێکی گۆی زەوی کە باسـی مێژووی دروسـتکردنی بۆن دەکرێت بە شـێوازێکی زانسـتی، یاخود هەرکاتێک توێژەران باسـی بواری زانسـتی کیمیا و ڕۆڵی ئافرەتە کیمیا زانەکان دەکەن ئەوا دەگەڕێنەوە سـەر دەقەکەی تاپوتی-بێلات- ئیکالیم وەک سەرتایەک بۆ دەستپێکی کیمیازانی و بەرهەمهینەری گوڵاو.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت جەختبکرێتە ســـەر خســـتنە ڕووی ڕۆڵی ئافرەت و زیرەکی و وورد بوونەوەی لە ژینگەی دەورو بەری، وە داهێنانی پیشەسازی بەرهەمهێنانی گوڵاو لە مێژووی وڵاتی دوو ڕووبار، ئەم بەڵگانەش پشتڕاستکراوەتەوە بە زانیارییەکانی نێو دەقە مێخییەکان. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا باس لە دیارترین ڕێگاکان دەکرێت کە لەم سەردەمانە بەکارهاتووە بۆ بەرهەمهێنانی پیشـەسازی گوڵاو. وە لەمیانی توێژینەوەکە هەوڵدەدرێت وڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە: ئایا چ جۆرە ئامێر و کەرسـتەک بەکارهاتووە لەم پیشـەسـازیە، چۆن ماددەکان ئامادەکراون بۆ دروسـتکردنی گوڵاوێک؟ هەروەها لێرەدا دەکرێ لێکدانەوەیەک بکرێ بە خستنە ڕووی ڕۆل و کاریگەری ئافرەت لە بەرهەم هێنانی گوڵاو، ئایا ( تاپوتی) چۆن و بە چ ڕیگایەک کەوتە بەر دۆزینەوە و بەگەر خستی ئەم پیشەسازیە وەک کاڵایەکی جوانکاری و بۆنخۆشکردن؟. لە پاڵ ئەوانەشدا باسکردنی پێگەی ئافرەتە بۆ برەودان بەم بەرهەمە و بەژداربونیان لە پێشـخسـتنی ئابووری و پیشـەسـازی ناوچەکە. جگە لەمانەش ئەم داهێنانە بە سەرەتای بەرهەمهێنان ئەم گوڵاوانە دادەنرێت کە مرۆڤ لەسەردەمی ئەمرۆدا بۆ بۆنخۆشکردن.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشـانە بۆ ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ یەکلا نەبوونەوەی سـەردەمی ووردی خانمە تابووتی تیایدا ژیاوە بۆ هەڵفژاردنی سـەدەیەکی گشـتی لەگەڵ ناونیشـانەکە، بەهیوای ئەوەی لە توێژینەوەکانی داهاتوو دەرکەوتنی دەقی مێخی زیاتر،زانیاری وردترو زیاترمان دەست کەوێت کەسەر خانمە تابووتی.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە كەمی زانیاری دەربارەی ئەم خانمە،جگە لە نەبوونی ووشـــەیەكی كوردی گونجاو كە پێناســـە لە بۆنخۆشـكەربكات،بۆیە لەهەندێک شـوێن ووشـەی گوڵاومان بەكارهێناوە بۆ پێناسـەكردنی ئەم بۆنخۆشـكەرانەی لە پێكاتەكەیان گوڵ هەیە،وە ووشەی بۆن بۆ ئەم بۆنانەی پێكاتەی تێكەڵەی ئاژەڵی و زەیتین

هێنانەوە ئاماژە پێكردنی چەند دەزگایەک كە لەسەردەمانی پێش تابوتی بەكارهاتووە بۆ مەبەستی جیا،وەبەكارهێنانەوەی لە لایەن تابووتی بۆ بەرهەمهێنانی بۆن،بۆیە هەمان بیرۆكەن بەڵام مەبەستی بەكارهێنانیان جیاوازە.

## ١. ڕۆڵی ئافرەت لەبەرهەمهێنانی گوڵاو لە میسۆپۆتامیا

زیرەكی و لێهاتووی ئافرەتی میسۆپۆتامیا و وردبوونەوە و بیرتیژی كاریگەری هەبوو لەسەر داهێنان و بەژداربونێكی كارا لە كۆمەڵگەكانی سـەردەمانی سـۆمەری و بابلی و بەتایبەت ئاشـووری، كە بەشـێكی زۆریان پێگە و ڕۆڵیان لە دەقە مێخیەكان ئاماژەپێكراوە، بۆیە هەر لەگەڵ ســـەرهەڵدانی نوســـینەوە لە ٣٥٠٠پ.ز ڕۆڵی ئافرەتی تا ڕادەیەک لە نوســـینەكاندا ئاماژە پێدەكرێت، بەتایبەت لە بواری ئاینی و كاركردنی لە پەرسـتگادا بە پیرۆز دادەنران (بوتیس، ١٩٨٨:٢٧٥)، بەڵام دواتر بەهۆی گۆڕانكاری لە دەســەڵات و جیاكردنەوەی ئەرک و دەســەڵاتی كۆشـــک و پەرســتگا پیشـــەی ئافرەتە پلە باڵاكانیش گۆڕانكاری بەسـەردا هاتووە. بەشـێكیان دابەشـبوون بەسـەر بەڕێوەبردنی كاروباری پەرسـتگا كە بە كاهینە ژنەكان ناودەبرێن، بە نوێنەری خوداوەند ئینانا و خزمەتكارەكانی دادەنران لەسەر زەوی (علی، ١٩٧٢: ٦٣)، وە بەشێكیان لە كۆشكەكان هاوكار لەگەڵ لایەنە كارگێڕییە سیاسیەكان بەڕێوەبردنی كاروبارەكان و پاشا خزمەتكردنی دابەشكراون، هەریەكێک لەوانە سەرپەرشتیاری كارێكی كۆشـكیان دەكرد، بەشێكیان بە پلە باڵاتر بوون لەناو خزمەتكارەكانی كۆشـک،بەپێ دابەش كردنی ئەرک و فرمانەكانیان لە دەقە مێخیەكان.

بێگومـان بەهۆی ئەوەی لە كۆشـــكدا هەوڵدەدرێت ئەوپەڕی خۆشـــگوزەرانی بەدیبهێنرێت و هەموو كارەكان لە پێناو شـــكۆداركردنی پاشـــا و بنەماڵەكەی بوون، هەر لە كەرســـتە جوانكارییەكان تا دەگاتە كاری بۆنخۆشـــكردن بە گوڵاو. وا دەردەكەوێت پرۆسـەی گوڵاو دروسـتكرنی شـاهانە لە ناو كۆشـكدا ئەنجامدرابێت، ئەمەش پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆی پێویستە بووە، چونكە دروستكردنی گوڵاو/ بۆن پێویستی بە ئەزموون و لێهاتووی هەیە لە بوارەكانی كیمیازانی و گیازانی و ئاژەڵناسیدا. قۆناغەكانی ئامادەكردنی گوڵاویش بە ڕێگایەكی كیمیایی دادەنرێت، وەک بەشـــێك لە تێكەڵكردنی ماددەكان، كە پێویســـتی بە پسپۆڕی ورد هەبوو، بەتایبەتی كیمیازان، چونكە نهێنی پشت دروستكەری گوڵاو دەبوو كەسـەكە لەبواری كیمیای شـارەزا بێت (كجەجی،٢٠٠٢ : ١٩٧).

لە مێژووی نوسـراوی میسـۆپۆتامیا ناوی بەشـێک لەم ئافرەتەنەی تۆماركراوە، كە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوون لە دروست كردنی گوڵاو (حبە، ١٩٦٩:١٠٦). یەكێـک لەم ئـافرەتە داهێنەرانە كە نـاوی وەک یەكەم كیمیـازان و بەرهەمهێنەری گوڵاو دێت،ئافرەتێكی كۆشـک بوو بە ناوی تاپوتی-بێلات- ئیكالیم، ئەم ئافرەتە خاوەن پێگەیەكی بەهێز بوو لەناو خانمانی كۆشـک، لە دەقە مێخیەكان وەک دروسـتكەر و سـەرپەرشـتیكاری بەرهەمهێنەری گوڵاو ناو دەبرێت (لیفی،١٩٨٠ : لا١٩٧)، بە یەكەمین ئافرەتی كیمیازان دادەنرێت، ئەو توانیویەتی ڕێگای كیمیایی بەكاربهێنێت بۆ بەرهەمهێنای گوڵاو لە جۆری زەیتی جوانكاری وگوڵاوی بۆندار، چونكە دروست كردن و ئامادەكردنی گوڵاو پێویسـتی بەشـێوازی زانسـتی هەنگاو دوای هەنگاو هەبووە بە بەكارهێنانی گژوگیا و بەرهەمە سروشتیەكان (اوتس،١٩٩٠ : لا٢٩٠).

## ٢. تاپوتی Tapputi

- تاپوتی(Tapputi-Bêlat- êkallim) ناوێک/ ناسـناوێكی كەسـی مێینەیە لە دەقێكی ئاشـوری ناوەڕاسـتدا هاتووە ناوبراوە، كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢٠٠ پ.ز (Escobar, 2023; 15). بەگوێرەی لێكـدانەوە و لێكۆلینەوەی زمـانەوانی وا دەردەكەوێت ناوەكەی یان نازناوەی لە زمانی ئەكەدی بنەچەی واتایی هەبێت. بۆ شـــیكردنەوەی مانای پشـــت بە فەرهەنگە كۆنەكان بەســـتراوە بەتایبەت فەرهەنگی زمانی ئەكەدی؛ ناوی تاپوتی tapputtu بە واتای هاوڕێیەتی/ هاوبەش دێت لە زمانی ئەكەدی(CDA; 398) ، وە وشـەی دووەمی ناوەكە وەكو ناسـناوێكە بۆ ناسـاندنی پیشـەی تاپوتی ئەویش بریتیە لە Bêlat كە بە مانای خانم/ گەورەی خانمان دێت (CDA: 42)، هەروەها وشەی سێیەم êkallimبەواتای كۆشک دێت (CDA: 67)، دەكرێت ئەم ناوە بە مانای تاپووتی ســەرپەرشــتیار/ خانمی كۆشـــک پێناســـە بكرێت كە نازناوێكە ئەم ئافرەتە بە زیرەكی و لێهاتووی بەدەستی هێناوە، هەروەک لە پێشوتر ئاماژەی پێكرا ئەم ئافرەتە پیشـەی دروست كردنی (گوڵاوی+بۆن ) ی شـاهانەیی كۆشـک بووە، بە بەكارهێنانی چەند ڕێگایەكی زانســـتی كیمایی وەک (دڵۆپاندن.پاڵاوتن،هتد)كە تا ئێســـتاش ئەم ڕێگایەنە بەكاردێت لە دروست كردنی گوڵاو بەشێوازێكی پێشكەوتوتر، ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە لەلایەن زانایان بەیەكەم كیمیازان هەژمار بكرێت

لە مێژووی میسۆپۆتامیا تا ئێستا، چونکە پێشەسازی دروست کردنی گوڵاو بە پیشەسازیەکی کیمیای دادەنرێت (Kass-Simon and Farnes, 1990: 301)

ئەو زیرەکی و کارامەییەی ئەم ئافرەتە بەکاریهێناوە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ بەر لە ئێستا، هەرچەندە بەشێکی کەم لەسەر ژیان و کەسایەتی ئەم ئافرەتە دەزانرێت، بەڵام ئەوەی گرینگە بزانرێت ئەوەیە کە ئەم ئافرەتە سەرەڕای دروستکردنی گوڵاو وەک بەرهەمێکی جوانکاری، کاری لەسەر چەند جۆرێک لە بەرهەمی درەخت کردوە یەکێک لەو بەرهەمە پزیشکیانە مەرهەمێکی بۆندارە بۆ پاشا دروستی کردوە، پێکهاتوە لە تێکەڵەی ((گوڵ-ئاو-زەیت) لەگەڵ ماددەیەک بە ناوی (کالاموس) کە مەبەست لێیی لیمۆ یان قامیشە کە وەک ترشە ماددەیەک ئێستاش لەبەرهەمهێنانی گوڵاو بەکاردێت،(Tsjeng, 2018;14).

هەر بەپێی خوێندنەوەی دەقە مێخیەکان تاپوتی هاوکارێکی تری ئافرەتی لەگەڵ بووە لە پرۆسەی دروستکردنی گوڵاو و ماددەکان، بەداخەوە ئەو بەشە نوسینە توشی شکان و تێکچوون بووە، تەنها بەشێک لە ناوەکەی ماوە کە بە (ninu) هاتوە (Simon and Farnes1990; 301)

### ٣. گوڵاو یان بۆن

گوڵاوبۆن بە هەر کەرستەیەک دەوترێت کە مرۆڤ بۆ بۆن خۆشکردن بەکاری بێنێت،تا ئێستا سەرەتای بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە نازانرێت (آلاء والزيدي،٢٠٢١؛ ٣٨٥)، یەکێک لەم پەشەسازیانەی بووکە خەڵکی میسۆپۆتامیا لەبەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بەناوبانگ بوون، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی نوسین ئاماژەی پێکراوە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەچەند شێوازو جۆرێک ناوی لەدەقە مێخیەکان هاتووە بە شێوەی (sim,šem) (Black, 2000; 245).



وێنەی(١) شێوازی نوسینی و قۆناغەکانی نوسینی هێمای وشەی šem کە مانای بۆن دێت، (Labat, 1994: p245)

### ٤. بۆ بەرهەمهێنانی بۆن دوو سەرچاوەی سەرەکی هەبوو:

**یەکەم:** ئەوانەی سەرچاوەیان لە گوڵ و ڕووەک وەرگرتووە: بە دوو شێواز سوودیان لێوەردەگیرێت، بە شێوازی زەیتی کە زەیتەکە لە ڕەگ و قەدوو گەڵا و تۆی ڕووەکەکە یان گوڵەکە دەردەهێنرێت بەگوشین و کوتینی بۆ دەستکەوتنی زەیتە بۆندارەکە و پاڵاوتنی بە قوماش (وليد، ١٩٩١، ٢٠٤) یان بەڕێگای جۆراوجۆری تر، کە لەم توێژینەوە ئاماژەی پێ ئەکرێت. بڵاوترین ئەم زەیتانەی کە لەم پرۆسەانە بەکاردەهات بریتی بوون لە زەیتی گەرچەک و کونجی، کە هەردووکیان ڕووەکین (الراوي، ١٩٨٥: ٣٥١١)، بەردەستبوون لە سروشتی ناوچەکە بەهۆی گونجانی ئەم ڕووەکانە لەگەڵ کەش و هەوا و ژینگەی ناوچەکە، چونکە درێژی ڕۆژ و گەرمی کەش و هەوای میسۆپۆتامیا یارمەتی دەربوون بۆ گەشەکردنی ئەم جۆرە دارانە،کەڕێژەیەکی زۆر زەیتیان تێدا بوو، (الطالحي، ٢٠١٧؛ ٢٩)، بۆیە ڕێژەیەکی زۆر لەم دارانە هەبوون و دەچێندران لە زەوی تایبەت بە کۆشک کە پاسەوانی تایبەت هەبوو (Potts,112,1997).

**دووەم:** ئەو بۆنانەی(عەتر) کە سەرچاوەیان لە پێکهاتەی ئاژەڵی وەرگرتووە: وەکو بۆنێکی چەور دەردەکەون، بۆ نمونە مسک کە سەرچاوەی وەرگیرانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاژەڵی ئاسک، وە لەسەرچاوە مێخییەکان بە زمانی ئەکەدی وشەی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(maskukanu)ی بۆ بەکارهاتووە (باقر، ١٩٨٠؛ ١٦٦)، هەروەها بۆنی عەنبەر بە هەمان شێوە کە چەوریەکی بۆندارە لە ئاژەڵ وەردەگیرێ و لە دەقەکان ناوی هاتووە (آلاء و الزيدي، ٢٠٢١؛ ٣٦٤-٣٦٣).

**٥. جۆرەکانی بەرهەمی گوڵاو:**

ئاستی کۆمەلایەتی و پلە ویستی جیاواز و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی جۆراوجۆری بۆن و گوڵاو،بونەتە هۆکاری گوڵاووی جیاواز لەڕووی کوالێتی و جۆرو تێکەڵەی بۆنەکە، کە لە دەقە مێخیەکان ئاماژە ی پێکراوە، وەک (**šem-us**)واتە بۆنی ئاسایی، (**šem-sig**) **بە** واتای بۆنی چڕ دێت، ئەمە و سەرەڕای بوونی گوڵاوی ئاووی واتە لە پێکهاتەکەی تەنها گوشراوی گوڵ تێکەڵ بە ئاو هەیە ومادەدەی تری کیمیای تێکەڵ نەکراوە، هەروەها جۆرێکی تری بۆن بریتیە لە گوڵاوی جۆری زەیتی، واتە لە پێهاتەکەی زەیتی تێکەڵە (الشويلي و شناوة، ٢٠١٩؛ ١٤).

وەک لەم دەقە مێخیە ئەد اهاتووە بوونی جۆرو کوالێتی جیاوازی بۆن پشت ڕاست دەکات

**((با ژمێریاران و دروست کەرانی بۆن بێن بۆ کۆگای زەیتی بۆنداری بەرزە بەها .....))**

**((١١٥ بۆنی لە جۆری باش،٥ ١ بۆنی مامناوەند/ ئاسایی، بۆ جاری یەکەم....)) (النعيمي،٢٠١٥،١٣٤)**

هۆکاری تری بوونی گوڵاو بۆنی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆداب و نەریت و کەسایەتی خەڵکانی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا بەگوێرەی شوێن وکەساییەتیەکان اوێنی ئامادە بوونیان گۆڕانکاری بەسەر جۆری ئەم بۆنە دەهات کە بەکارین دەهێنا،ل بۆنمونە لە ڕووی بەکارهێنانەوە بەکارهێنانی گشتی و بەکارهێنانی تایبەتی هەبوو، لە شوێنە گشتیەکان وەک پەرستگا و کۆشک لە شێوەی بخورد لە ناو بخوردان بەکاردەهات، کە ئەو جۆرە بخوردەش لە پێکهاتەی بنێشتەتاڵەی دار و زەنبەق وەردەگیرا، وە ئەو دارانەی بۆکدار بوون، هەندێک جار تێکەڵەی میوەی لەگەڵ بەکاردەهات (محمد و بدرية، ٢٠٢٢؛ ٢٢٢).

**خشتەیەکی تایبەت بەو وشە و کەرستانەی لەدەقە مێخییەکان ئاماژەپێکراوە تایبەت بە گوڵاو**

| | |
|---|---|
| وشەیەکی سۆمەریە لە دەقە مێخیەکان بە واتای بۆن دێت،(لابات، ٢٠٠٤ :٣٠٨)لە زمانی ئەکەدی بە riqquهاتووە(CDA, R,369) . | Sim šem, |
| وشەیەکی سۆمەریە بەشوێن و کارگەی بەرهەمهێنانی بۆن دەوترێ،لە زمانی ئەکەدی بە ( bit raqqi) هاتووە،هەروەک وشەی pirsaduhu بە واتای بۆندار دێت(آلاء والزيدي، ٢٠٢١؛ ٣٨٦). | E,I,AB,AB |
| وشەیەکی سۆمەریە بە سەرپەرشتیکاری گشتی سەر دەستەی بەرهەمهێنەرانی پیشەسازی بەرهەمهێنەرانی گوڵاو دەوترێ(CAD; 218). | rab muraqqiat |
| وشەیەکی سۆمەری بەو دەفرە دەوترێت بۆنی. تێدا هەڵدەگیرێت، هاوتاکەی لە زمانی ئەکەدی بە Karpatu هاتوە.(الشويلي و شناوة،٢٠١٩ : ١٤). | Dug |
| یەکەیەکی پێوانەیە بۆ پیوانی بۆن (Labat,2000 141). | gur-pi-ban2-sila$_3$ یان ma-na |
| بەم پارچە قوماشە دەوترێ کە سەری دەزگاکەی پێ دادەپۆشرێت (ليفي،١٩٨٠: ١٨٦). | Suhattu |
| بریتیە لەدەفرێکی کانزایی قەپاغێکی هەیە، بۆبەرهەم هێنای ئەم جۆرەبۆنانەی بەکاردەهات کە ماوەیەکی زۆری پێویست بوو بۆ مانەوە لەسەر ئاگر،چونکە ئەم دەفرە توانای بەرگەگرتنی پلەی گەرمی بەرزی بوو.(ليفي،١٩٨٠: ١٨٦). | Diqaru |
| پارزونگ،بۆ پاڵاوتنی بۆن بەکاردێت(ليفي، ١٩٨٠: ١٨٦). | Harira |

**٤. مەبەستەکانی بەکارهێنانی (عطر) بۆن لە کۆندا:**

بەرهەم هێنانی بۆن میسۆپۆتامیا لە گرنگترین پیشەساییە کیمیایەکان بوو کە بۆمەبەستی جیاواز بەکاردەهات لەمانە:

**١-ڕێورەسمی ئاینی:**بۆن لە ڕێورەسمە ئاینیەکان بەکارهاتووە، لە شێوەی بخورد،بەرهەم دەهات لە چەند جۆر درێک کەسدفەتی هەڵگری بۆنیان هەیە بەشێوەیەک، کاتێک ئەم داری بخوردە لە شلەی زەیتی بۆندار دەخوسێکنرا تا چەند ڕۆژێک بۆئەوەی ببێتە هەڵگری بۆنەکە کاتێک کە سوتێنرا بۆن بڵاو بێتەوە، لەبەردەم دەرگای پەرستگاکان دەسوتێنرا، وە بۆنخۆشکردنی ئەو قوربانیانەی بەکاردەهات کە لەلایەن پەرستگاوە پێشکەشی خوداوەندەکان دەکران، بەپێی دۆزینەوە شوێنەرییەکان بێت بەشێکی زۆری بخوردانەکان لە پەرستگاکان دەدۆزرێنەوە، ئەمەش بەڵگەن بۆ بەکارهێنانی بۆن بخورد لە ڕێورەسمی ئاینی بە تایبەت لە پەرستگا سەرەکیەکانی سەردەمی بابل بۆنمونە پەرستگای مردوخ کە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠ تەن بخوری تێدا

بەکاردەهات لە دەست نوسەکانی مێژوو ناس هیرۆدۆت ئاماژەی پێداوە، جگە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە دروستکردنی پەرستگاکان داری بۆندار بەکارهاتووە لە بناغەی پەرستگا بۆ پیرۆزکردن و بەردەست خستنی پارێزگاری خواوەند بە پێ ی بیروڕای ئاینی میسۆپۆتامیا (لیفی، ١٩٨٠: ١٨٤) وەک لە م دەقە دا هاتووە، **((زۆرترین داری عبق(گوڵی داری مزرەمەنی) لە بناغەی دانا))** (CAD,r,p371).

جگە لەوەی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو وئاهەنگی ئەکیتو، گواستنەوەی پیرۆز کە هەمووی ڕێوڕەسمی تایبەت بوون بە پەرستگا و بەشێکی تر لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکان بۆن تێیدا بەکارهاتووە،تەنانەت لەکاتی بنیاد نانی شورای دەوری شار بەمەستی وەرگرتنی پیرۆزی پەرستگا، بۆنی تێدا بەکاردەهات ئەمانەش هەمموی بەشێک بوون لەم ڕێوڕەسمی ئاینی(الجنابي، ٢٠١٥: ٣٤-٣٨)

٢- **پزیشکی:** ویست وغەریزەی مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بەدوای دۆزینەوەی هۆکارێک بووە بۆ پاراستنی خودی خۆی لە نەخۆشی و نارەحەتی و لە زیانی سروشتی چواردەوری جا ئەم پاراستنە چ روحی/ گیانی بێ لە ڕێگای ئەنجامدانی سیحر و جادوو یان جەستەی بێ بە بەکارهێنانی چارەسەری پزشکی بۆ چاکبونەوە لە نەخۆشیەیی کە توشی جەستەی مرۆڤەکە بووە. بۆیە دەقە سۆمەریەکان کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز، باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زەیتە بۆندارەکان ڕووەک گوڵەکان دەکات لە لایەن خەڵکی میسۆپۆتامیا بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی بەکارهاتوون، کە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترلە شێوازو چۆنیەتی بەکارهێنانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، (الراوي، ١٩٨٥: ٣٢٥)، بۆنمونە بەشێک لەچارەسەریەکانی کە لە دەقە مێخیەکان ئاماژە پێکراوە چەند چارەسەریەکی پزیشکی بون لەمانە بەکارهێنانی زەیتی بۆندار بۆ چەورکردنی جەستە لەکاتی سەرما بۆ پاراستنی لەنەخۆشی، یاخود خواردنەوەی بەشێوازی شل و تێکەڵ کردنی چەند ڕووەکێک بۆ چارەسەرکردنی ئازاری قورگ ئێشە، تەنانەت چەورکردنی دەستەکان بەگیراوەیەکی تایبەت بەرهەم هاتوو لە دار،وەک داری دارچین بۆ پاراستن لەمیکرۆب و پیسیەکان (لیفی، ١٩٨٠: ١٨٤).

٣- **جوانکاری و بۆنخۆشکردن وەک گوڵاو:** مەبەستی سەرەکی بەرهەمهێنانی بۆنە کە هەردەم خەڵکی میسۆپۆتامیا گرنگی بە ڕواڵەت بۆنخۆشکردنی کەسی داوە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن کەسە گرنگەکانی کۆمەڵگە بەکاردەهات چونکە بەپێی ئەوەی لە دەقە مێخیەکان هاتووە بەهاکەی بەقەد بەهای زێر بووە، کە لەیەکێک لە دەقەکان ئاماژە بەگرنگیەکەی کراوە لە ڕیز ی زێر و زیو ناوی بۆن هاتووە،تەنانەت وەک دیاری لە کەسێکەوە بەخشراوە بەکەسێکی تر.

٤-**وەک سەرانە:** لەبەر گرنگی و بەها بەنرخەکەی وەک سەرانە وەرگیراوە، یەکێک بوو لە سەرانە گرنگەکان تەنانەت لەنێوان دەوڵەت و شانشینەکانی وەردەگیرا، هەروەک لەدەقێکی مێخی هاتووە.

٥-**لە ڕێوڕەسمە سیاسیەکان: لە** کاتی گرتنە دەستی دەسەڵاتی پاشاکان لە ڕێوڕەسمێکەدا بەکارهاتوە،پاشاکە زەیتێکی بۆنداری بەسەردا دەپرژێنرا، وەک بنەمایەک بۆ پیرۆز بوون و شکۆداربوون دوای بەشێکی دەپرژێنرا بەسەر ئامادەبووان وکەسانی نزیک لە پاشاکە.

٦- **جوانکاری و پاک وخاوێنی:** بەشێک لە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا و خانمانی کۆشک جەستەیان چەور دەکرد بەزەیتی بۆندار وەک ونەرم کەرەوە و شێدارکەرەوەی بۆنداری پێست (الراوي، ١٩٨٥؛ ٣٥٥). سەرەڕای ئەمانە گوڵاو لە چەند بوارێکی جیاواز ی تردا بەکاردەهێنرا وەک لە دروست کردنی سابونی بۆندار.

**٦. تابلێتە نوسراوەکەی تاپوتی**

تابلێتێکی گرینگ باس لە چەندین ڕەهەندی ژیاری سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست دەکات، مێژووەکەی بۆ ١٢٠٠ پ.ز دەگەڕێندرێتەوە، لە شاری شوێنەواری شاری ئاشور/ قەڵای شرگات دۆزراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لە KAR 220 (VAT 10165): بڵاوکراوەتەوە، هەرچەندە سەردەمی دەقەکە بە ئاشوری ناوەڕاست دیاریکراوە، دەکرێت بگوترێت ئەم ڕێنمایە کەرەنگە وەك ڕینمایی نوسرابێت و کۆنتر بێت و هی سەردەمانی پێشوتر بێت، بەڵام بەهۆی پیرۆزی و گرینگی، دەقەکە هەڵگیرابێت یاخود چەند کۆپیەکی تری لێدروست کرابێت، هەرچەندە بەڵگەکان نەدۆزراونەتەو ڕەنگە دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەم زانیاریانە ساغ بکەنەوە.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی نوسراوی سەر ئەم دەقە وا کەپێدەچێت ئەم دەقە پێکهاتووە لە ڕێبەرێک یان ڕێنوینیەک بوو بێت بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی گوڵاو و پێکهاتە کیمیایەکان، تاوەکو ئەم دەقە نەدۆزرایەوە زانیاریی لەسەر شێوازی زانستی و بەرهەمهێنانی بۆن کەم بووم، هەروەها ئەم تابلێتە ناوی تاپوتی بێلات ئیکالی دەبات وەک کەسێکی سەرپەرشتیار و ڕێنوینیکار ودەر، کە ئەم خودی نوسراوەکەش هەر لەسەر زاری ئەوەوە خودی تاپوتی تۆمارکراوە، تێیدا بڕ و پێوانەکانی ئامادەکردنی ماددەکانی باسکردوە ((Escobar,2023;15).

ئەوەی گرینگە لەم دەقەدا کۆمەڵێک زانیاری و وردەکاری باس دەکات، کە تایبەتن بەناوی درەخت و گیا و زەیتەکان و ناوی ئامرازەکان دەهێنرێت، سەرەڕای ئەوە باس لە کات دەکات بۆ کوڵاندن و پشودان بە کرداری بۆن دروستکردنەکە، وە ئاماژە بەوە دەکات ئەم شێواز و جۆری گوڵاوە تایبەت بووە بە کۆشک، بەڵام ناوی کۆشکەکە نەهێنراوە کە چ کۆشکێک بووە، لەخوارەوە مانای دەقەکە بە ووردی و دێر بە دێر وەرگێڕدراوە:

**دەقی نوسینەکە**

ئەگەر دەتەوێت زەیتی بۆنخۆشی لە قامیش ئامادە بکەیت: (وەرگرە) BAN2 2 لە قامیشەکە، لەگەڵ ڕەگی توباقوەکەی (واتە تەواوی کانییەکە). کاتێک پاکت کردەوە، دەفرێکی شاهتیسو دیقەرو šahtișu diqāru-vessel and heat- دادەنێیت و تابیلو- tābilu بۆنخۆشەکان بە ئاوی شیرین و کوالیتی بەرز لە بیرێکی کۆشکی ئاشورەوە گەرم دەکەیت. تۆ (تێکەڵەی ئاوی بیر و تابیلو-بۆنخۆشەکان) دەگوازیتەوە بۆ ناو دەفرێکی هارو harû. تۆ (پاشان) دەیڕێژیتە سەر ئەم تێکەڵە شلە، لەناو دەفری هارو: 1 SÌLA (نزیکەی 1 لیتر) لە ḫāmimu-بۆنخۆش، 1 SÌLA لە jaruttu، (و) 1 SÌLA لە گوڵی ئاس (myrtle)، جۆری باش (و) و پاڵێوراو.

. ئەمانە پێوانەکانی ئێوەن، کە بەپێی بڕی ئاوی وەرگیراو دابەش دەکرێن. تۆ ئەنجام دەدەیت (ئەو...هەنگاوانەی دیاریکراون) لە کاتی خۆرئاوابوون و شەودا. (تێکەڵەکە) دەبێت بۆ ماوەی شەوێک بەرز بێتەوە. لە بەیانیدا کاتێک خۆر هەڵدێت، شلەکە و ئەم بۆنە خۆشانە لە ڕێگەی قوماشی سونووەوە sūnu دەپاڵێویت بۆ ناو دەفرێکی خیرسو.تۆ گەردیلەکانی میندوخرو minduḫru لا دەبەیت. تۆ 3 SÌLA لە کاروشی وردکراو بە تێکەڵەی شلەی ئەم بۆنخۆشانە دەشۆیت. تۆ گەردیلەکانی پاخوتو paḫutu لا دەبەیت. تۆ لەسەر ئەم تێکەڵە شلەی بۆنخۆشەکان دادەنێیت، لەناو قاپێکی خیرسودا: ٣ SÌLA گوڵی ئاس، ٣ SÌLA قامیش، وردکراو و پالیوراو. تۆ 4 BAN2 (یان 40 SÌLA) لەم تێکەڵە شلەیە دەپێویت کە شەوێک بە بۆنخۆشەکانەوە (نقوم کراوە). تۆ لە ڕێگەی ڕاوەشێنێکەوە دەپاڵێویت: 1 2/1 SÌLA لە کوڵاوی نە پالیوراو کە لە بادەم دروستکراوە (بەیەکەوە) 2 کوپ پڕ- (بە بەکارهێنانی) کوپێکی بچووک- لە ڕیشاڵی دار لە دار- کەناکتو kanaktu . تۆ لەسەر ئەم تێکەڵە شلەی (پاڵیوراو)ی بۆنخۆشەکان دادەنێیت، لەناو... قاپێکی خێرسو.

دەکرێت لە ناوەوەی قاپەکەی دیقارو- diqāru [لاییەریت کە دواتر دەیشۆیت و...]. ئەمانە پێکهاتەکانن،(کاتێک) بۆ جاری چوارەم دەیڕێژیت، تۆ تابیلو tābīlu-بۆنخۆشەکان گەرم دەکەیتەوە، [تۆ دەڕێژیت] (....) 2/1 SÌLA لە کانی، 2/1 SÌLA لە ئاسو-بۆنخۆش (....) لەسەر تێکەڵەی شلەی گەرمکراو. (تێکەڵەکە) دەبێت بۆ ماوەی شەوێک بەرز بکرێتەوە. (....) و ئەم بۆنخۆشانە (....)

دەیڕێژیتە ناو دەفرێکی خیرسو. تۆ گەردیلە نەخوازراوەکان لا دەبەیت. تۆ (....) دەپێویت کە ڕاوەشێنراون، 4 BÁN (یان 40 SÌLA) شلە، کە لە (....)، تۆ ئەم قامیش و ئاسو- بۆنخۆشە (....) ئاگر دەکەیتەوە. تۆ دەڕێژیتە ناو تێکەڵەکە: ئاوێک کە وەک (....) (و جۆرەها) زەیتەکان وایە. کاتێک زەیتە چەورەکان و ئاو و بۆنخۆشەکان چوونەتە ناو یەکترەوە (و) تێکەڵ بوون (....) تۆ (ئاگر؟) لە ژێر دەفرە دیقاروەکەدا کۆدەکەیتەوە (....) [تۆ ... بڕی] ئەم تێکەڵە شلەیە دەپێویت کە شەوێک بە [بۆنخۆشەکانتو دەیقرتێنی؛ تۆ تینتینو ṭinṭinu-گەردیلەکان لادەبەیت (....) ئەم تێکەڵە شلەیە (....) تۆ د(....) تێکەڵە شلەکانت، ئەوانەی کە [ڕوونتان کردۆتەوە] (....) تۆ دەیڕێژیت (....) [تۆ زیاد دەکەیت] 3 SÌLA لە پیرسادوخخو-بۆنخۆش pirṣaduḫḫu-aromatics لەسەر سەرەوەی ئەم تێکەڵە شلە (....)ەیپاڵێویت دەکەیت و تۆ ڕوونی دەکەیتەوە.) (نقوم بووە.] ئەو شلەیەی کە تێکەڵ کراوە و گەرم کراوە.... تۆ بە تێکەڵکەر تێکی بدەیت (....) (کاتێک ڕۆن و بۆنخۆشەکان) هاتنە ناو یەکترەوە (....) ئاگر (....) تۆ سەرەوەی دەفرەکەی دیقەرو- دادەپۆشیت. لە بەیانییەوە (....) ئاگرێک لە ژێر دیقەرو-دەفرەکەدا کەڵەکە دەکەیت (....) ڕۆن و ئاو و بۆنخۆشەکان.. تێکەڵە شلەکان وشێلوتو šēlûtu کە (....) (پاشماوەی ستوونی شکاوە). لە بەیانیدا (....) (بۆنخۆشەکان) کە یەکتریان تێکەڵ کردووە (....) ئاگر (....) تۆ سەری دیقەرو-دەفرەکە دادەپۆشیت، ساردی دەکەیتەوە. تۆ (ئامادە دەکەیت) گۆزەی شەپپاتو šappatu-jar بۆ زەیت(ەکان)ی کانی. تۆ قوماشێکی سوونۆی کونکراو لەسەر پەرداخەکەی شاپاتوو دادەنێیت، پاشان بە وەرگرتنی کەمێک ڕۆن لە یەک کاتدا، لە ڕێگەی قوماشی سونوەکەوە دەیپاڵێیتەوە بۆ ناو پەرداخەکەی شاپاتوو. تۆ دەڕۆیت بۆ لابردنی ئەو گەردیلەی تیشتیسو ṭišṭišu و میدوخرو midduḫru کە لە بنی دەفرە دیقاروەکەدا بەجێماوە. ڕێچکەی دروستکردنی بۆن بۆ 2 seahs زەیتی قامیشی ئامادەکراو پرۆسێس کراو، گونجاوە بۆ پاشایەک، بەپێی دەمی تاپووتی-بێلات- ئیکالیم Tappūtī-bēlet-ekallim، بۆن ساز: مانگی موخور-ئیلانی Muhur-ilāni لە ڕۆژی ٢٠؛ هاوناوی شونو-قاردو ڕەب شاقو Šunu-qardu rab shaqê. Ebeling, 1950. .Escobar,2023;16-18). (KAR 220.



وێنەی(٢)

تابلێتی نوسراوی پێکاتەی گوڵاوێکی دروست کراوی (تاپوتی- بێلات- ئیکالیم) ڕووی پێشەوەی، مۆزەخانەی بەرلین(Escobar,2023; 16)




**وێنەی(٣)**

**تابلێتە مێخییەکەی تاپوتی، ڕووی پشتەوەی دەقەکە** Escobar,2023; 18



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




**وێنەی(٤)کۆپی دەقەمێخییەکەی تاپوتی،KAR 220**

## ٧. پرۆسەو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی بۆن یا گوڵاو

بەپێی بەراورد کردنی شوێنەوارناسان بۆ ئەم دەفرانەی کە لە گردی تەپە گەورە دۆزراوەتەوە وە هەمان شێوەی ئەم دەفرانەی کە لەکاتی هەڵکۆڵین لەگردی قالینج ئاغا دۆزراوەتەوە، بە کۆکردنەوەی ئەم پارچانەو بەراورد کردنی بە کەرستەی سەردەمی نوێ بۆبەرهەمهێنانی بۆن وە بەراوردکرنی ئەم زانیاریانەی کە لەدەقەکانی خانمە تابوتی هاتوە وا دەردەکەوێت هەمان بیرۆکەو ڕێسای کیمیایی و کەرستەی بەکارهێناوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی بۆن،ئەم ڕێگا کیمیایانەی کە لەسەردەمی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی کەرستەی تر بەکار دەهات تابووتی بۆ بەرهەمهێنانی گوڵاو بەکاری هێنا کە بریتی بوون لەم ڕێگایانە.

**بەرهەمهێنانی گوڵاو لە کۆندا بە دوو پرۆسە (عملية) کیمیایدا تێپەڕیووە:**

١-**دڵۆپاندن(التقطير):** ڕێگایەکی کیمیاییە، مێژووی زانینی بەپێی لێکدانەوەی زانایان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی 2006-1595 پ. ز (الراوي، ١٩٨٥؛ ٣٤٦) بەپێی بەڵگە شوێنەواریەکان کۆنترین نمونەی ئەم دەزگایە بۆ دڵۆپاندن بەکارهاتوە لە گردی تەپە گەورە دۆزراوەتەوە، کە گردێکی شوێنەواریە بە دووری ٣کم لە ڕۆژهەڵاتی خرسباد، لەلایەن تیمێکی هاوبەشی شوێنەوارناسی زانکۆی پەنسلڤانیا و پەیمانگای ئەمریکی بۆ لێکۆلینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان هە ڵکۆڵینی تێدا کراوە، ئەو دەفر گڵێنەی لەوێ دۆزراوەتەوە، بەڵگەیە لەسەر بەکارهێنانی دەزگایەک بۆ کرداری دڵۆپاندن، پسپۆڕان دڵنیای دەدەن کە ئەم دەزگاییە بۆ مەبەستی گوڵاو دروستکردن بەکارهاتبێت(Speiser, 1935; 3 )شێوەی هەمان دەزگایە کە تابووتی بەکاری هێناوە بۆ دڵۆپاندنی گوڵاو.

دەزگاکە بریتیە لە دەفرێکی گڵێنەیی قوچەکی،دوو لێواری هەیە، یەکێکیان لە بەشــی ژوورەوەی ڕێک بە بەدەنەکەی لکاوە، لێواری دووەم بە نزیکەی چەند ســانتیمێک بەرزترە لە لێواری یەکەم، لە نێوانیاندا جۆگەڵەیەکی قووڵ هەیە، لە نێو ئەم جۆگەڵە چەند کونێک بەرەو بەشی ناوەوەی هەیە (الراوي، ١٩٨٥؛ ٣٦١) سەرەکەی بە گڵێنەیەکی قوچەکی دادەخرێت وەکو (قەپاخ)کە لەڕووی قەبارەوە وپێوانەوەوە وەک دەفری ژێرەوەیە، لە بەشــی ســەرەوەی قەپاغەکە لە یەکێک لە لاکانی کونیلەیەکی بچووکی هەیە لەم کونیلەیە لە ڕێگەی قامیشێک ئەم هەڵمەی گوڵاوەکە کە لەبەشــی ســەرەوەی قەپاغی دەفرەکە کۆ دەبێتەوە لە ڕێگەی ئەم قامیشــە هەڵمەکە دەگوازرێتەوە بۆ دەفرێک دووەم ئەم دەفری دووەمە بەردەوام ســارد دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی دڵۆپی هەڵمەکە ببێتە دڵۆپی شلە و برژێتە دەفرەکە، بەمەش گوڵاوەکە بەرهەم دێت.




هێڵکاری(١)کە لەلایەن توێژەرانەوە دروست کراوە
بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی (حبە،١٩٦٩،لا٩٦)و(Speiser.1935, fig 49

**٨-چۆنیەتی کارکردنی دەزگایەکە**

سەرەتا (گوڵ-داری بۆندار-داری زەیتی بۆندار) هەر کام لەمانە مەبەست بێ بۆ دەرهێنان زەیت یاخوود گوڵاوەکەی دەخرێتە نێو پـارزونگەکی گڵێنەیی لەگەڵ ڕێژەیەکی دیـاری کراو لە ئـاوی پـاک، ئینجا دەخرێتە نێو دەزگـای دڵۆپـانـدن کە دەفرێکی بە پێوانەی (٢٥)سم ســەرەکەی دادەخرێت، ئاگر لەژێر دەزگاکە هەڵدەکرێت بەبەردەوامی تا گوڵ و ئاوەکە بەیەکەوە تێکەڵ دەبن تا ئاوێتەی گوڵاوی گوڵەکە لەگەڵ ئاوەکە دەبێتە هەڵم لە بەشی سەرەوەی دەفرەکە کۆ دەبێتەوە، لەکونیلەکەوە لە ڕێگەی قامیشەکە دەچێتە دەفرێکی تر ئەم دەفرە بەردەوام ســارد دەکرێت، بۆ گۆڕینی هەڵمی گوڵاوەکە بۆ دڵۆپ و ڕژاندنی بۆ ناو دەفرەکە،، ئەم کردارە چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە بۆ دەســت کەوتنی بۆنێکی تەواو،کە بەپێی کوالێتی گوڵاوەکە قوناغەکانی زیاد و کەم دەبێ(Maria, 2020; non).

کورتەی کارکردنی ئەم دەزگایە بریتیە لە گەرمکردن و هەڵماندنی بەردەوام و چەند جارێک بۆ دەســت کەوتی ناوەڕۆکی گوڵاو،کە چەند ڕۆژێک دەخایەنێت




هێلکاری (٢) لەلایەن توێژەرانەوە دروست کراوە بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی
Speiser.1935: Maria,2020,fig 49.

٢-**پاڵاوتن:** بریتیە لە قۆناغی دووەمی بەرهەمهێنانی گوڵاو بۆ بەردەست خستنی گوڵاوێکی چڕو خەست، چونکە چەند زیاتر سەرچاوەی وەرگری گوڵاوەکە بپالێورێ ناوەڕۆکی گوڵاوەکە پتەوتر دەبێ بۆنی زیاتر دەبێت.
لەم قۆناغە هەمان دەفری گلێنەیی شـێوە قوچەکی بەکاردێت، چۆنیەتی کردارەکە، ئەم شـلە زەیتەیە بۆندارە یاخود شـلەی گوڵاوەی لەقۆناغی یەکەم بەرهەم هاتوە دووبارە دەخرێتە نێو دەزگاکە، ئاگر لەژێری هەڵدەکرێت، دەمەکەی بە قوماشـێکی کونیلەدار دەگیرێت، تا وەک ئەم ئاوەی تێکەڵەی گیراوەکەیە بە هەڵم دەبێت لە کونیلەی قوماشـەکە دەردەچێت،گیراوە چڕەکە لەژێر قوماشـەکە کۆدەبێتەوە کاتێک قوماشـەکە بەردەوام سـارد دەکرێتەوە چڕی گیراوەکە دەبێتە دڵۆپ و دووبارە دەڕژێتە ناو جۆگەڵەی نێوان دوو دەمەکە، لەوێوە دووبارە لە ڕێگەی کونیلەکانەوە دەڕژێتەوە نێو دەفرەکە، بە دووبارەکردنەوەی ئەم ڕێگایە بۆ چەند جارێک کە پرۆسـەیەکی دوور و درێژە هەندێک جار ٤٠ جار دووبارە دەکرێتەوە بۆ دەسـتکەوتنی گوڵاێکی چڕ، کورتەی کـاری ئەم ڕێگایە بریتیە لە بەهەڵم بوونی ئـاوی تێکەڵ بە یراوەکە گەرمیەوە، جیابوونەوەی لەگەڵ پێکهاتەی گوڵو زەیتەکە وەمانەوەی ڕۆحی گوڵاوەکە لەنێودەفرەکە بە چەند جارێک پاڵاوتن و بەهەڵم بوونی دەبێتە هۆی دەسـتکەوتنی بۆنێکی خەستی چڕ (حبة، ١٩٦٩: ٩٦ -٩٧).



هێڵکاری(٣) دەفرێکی گڵینەییە کە وەک دەزگای هەڵماندن بەکارهاتووە بۆ گوڵاو لە تەپە گەورە دۆزراوەتەوە
مۆزەخانەی بەغدا: (حبە،١٩٦٩،لا٩٦: Maria,2020,p non)

جگە لەمانە چەند ڕێگایەکی تر هەیە بۆ بەرهەمهێنانی گوڵاو، وەکو خوساندنی گوڵ و داری بۆندار لەنێو زەیتێک کوڵاندنی بە ٦٥ پلەی گەرمی، دەشێڵدریت دەکوترێت ئینجا لەنێو قوماشێک دەگوشرێت بۆ دەرهێنانی ئەم زەیتەی کە ڕۆحی گەڵە بۆندارەکە گرتووە بەڵام ئە کردارە دەبێت زەیت وبۆنی گوڵەکە لەیەل کاتدا بەیەکەوە تێکەڵ بکرێت (الجادر، ١٩٩١ ؛ ٢٠٤).

**دەرئەنجام**

١- لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت، ئافرەت ڕۆڵکی گرینگی هەبووە لە بواری زانست و خزمەتکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، وا دیارە پسپۆڕی لە بواری کیمیایی و گوڵاو دروستکرن پێویستی بە دەست ڕەنگینی و لێکدانەوەیەکی وورد هەبووە، بۆیە دەبینین کە سەردەستە و ڕێبەری ئەم ڕێبازە ئافرەتێکی لێهاتوو بووە بەناوی تاپوتی-بێلات- ئیکالییم، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان بێت، تا ئێستا ئەم خانمە بە یەکەمین کیمیازان و بەرهەمهێنەر ی گوڵاو دادەنرێت.

٢. بەشداری پێکردنی ئافرەت لە کاروبارەکانی کۆشک و بەتایبەت لە بواری بەرهەم هێنان و بەشداری کردنی لە ئاڵوگۆڕی ئابووریدا، هەبوونی متمانەی شاهانەی بەم ئافراتانە، چونکە دروستکردنی گوڵاو و بابەتە کیمیاییەکان بابەتێکی هەستیار بوو، نەدەبوو لەدەروەی کۆشک ئەم بابەتە دەربازی کۆشك بێت.

٣- بوونی چینایەتی لە نێوانی دانیشتوانی میسۆپۆتامیا بەهۆی جیاوازی لە جۆری گوڵاوەکان دەردەکەوێت، بەردەست خستنی گوڵاو بەشێوازی جیاواز تا زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت، وا دەکات زۆرترین بەرهەمهێنان و ئالوگۆری ئابووری هەبێت، کە بیری ئابووری ئافرەتی میسۆپۆتامیا دەردەخات.

٤- گرنگیدانی خەڵکانی میسۆپۆتامیا بە بابەتی جوانکاری و بۆنخۆشی و پاک و خاوێنی.

٥- زانستی بەکارهێنانی ڕێگایی کیمیایی بە بەکارهێنانی کەرستەی سادەی چێشتخانە لەلایەن ئافرەتانی لێهاتووی کۆشک، وەکو دەزگایەک بۆ پاڵاوتن و دڵۆپاندنی ئاوێتەکان، مانەوەی نهێنی دروست کردن و تێکەڵ کردنی پێکاتەکانی گوڵاو لەلایەن چەند ژمارەیک لە ئافرەت.

٧- دەقی مێخی ڕێنمایی گوڵاو دروستکردنەکەی تاپوتی-بێلات- ئیکالیمم ئەوەمان پێدەڵێت، مرۆڤ لەو سەردەمەدا توانیویەتی بە پرۆسەیەکی زانستی و چەند هەنگاوێکی وورد کارەکانی بەرهەمبهێنێت، وە ئەوەی لێرەدا گرینگە تۆمارکردنی ئەو پرۆسە زانستییە کە لەو دەقەدا نوسراوەتەوە، بەشێوازێک نوسراوەتەوە مرۆڤ لە هەر سەردەمێک دابێت داتوانێت بەو پێکهاتە و دەزگایە هەمان جۆرە گوڵاوی شاهانە بەرهەمبهێنێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


الشويلي،احمد محمد طنش و شناوة، مهند عاشور ٢٠١٩، العطور في حضارة بلاد الرافدين، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، مجلد ٢٢.

الزيدي، آلاء نجم و كاظم عبدالله، ٢٠٢١،تقنية صناعة العطور في بلاد الرافدين، مجلة دراسات في التاريخ والآثار، العدد٧٩.

الجنابي، قيس كاظم، ٢٠١٥، العطر عند العرب، لبنان.

اوتس،جون ١٩٩٠، بابل تاريخ مصور، ترجمة: سميرعبدالرحيم الحلبي، بغداد.

حيدر، حمدة محمد، الشامسي، بدرية محمد ٢٠٢٢، العطورعبر الحضارات التاريخية: دراسة تاريخية، مجلة الاداب، مجلد ١ .

بوتس، دانيال تي، ٢٠٠٦، حضارة وادي الرافدين الاسس المادية، ترجمة:كاظم سعد الدين، بغداد.

النعيمي،صفاء عبدالكريم حيدر، ٢٠١٥، دراسة نصوص اقتصادية غير منشور من عصراور الثالثة،رسالة ماجستيرغير منشورة، جامعة بغداد.

لطالحي،صلاح ا، ٢٠١٧، بلاد الرافدين،٢٠١٧،ج١.

باقر، طه، ١٩٨٠، موجز تاريخ العلوم والمعارف في الحضارات القديمة والحضارة العربية الإسلامية، بغداد.

عباڤلواحد، علي، فاضل، ١٩٧٢، أعراس الاله تموز مأساتة في طقوس الزواج المقدس و الحزان الجماعي، مج سومر28.

الراوي،فاروق ناصر، ١٩٨٥، الحيوان والنبات، موسوعة الحضارة العراق، ج٢، بغداد .

الراوي،فاروق ناصرا، ١٩٨٥، العلوم الطبية، موسوعة الحضارة العراق، ج٢،بغداد .




*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

الراوي،فاروق ناصرا، ١٩٨٥، العلوم والمعارف، موسوعة الحضارة العراق،ج٢،بغداد .
الراوي،فاروق ناصرا، ١٩٨٥، الكيمياء، موسوعة الحضارة العراق،ج٢،بغداد.
حبة،فرج، الكيماء والتكنلوجيا في العراق القديم، سومر، العدد ٢٥، ج١.
كجەجى،صباح اسطفيان،١٩٨٠، الصناعة في تاريخ وادي الرافدين، بغداد.
رينيه، لابات ٢٠٠٤، قاموس العلامات المسمارية، ترجمة:الاب البير ابوناواخرون، بغداد.
ليفي،مارتن، ١٩٨٠، الكيمياء والتكنلوجيا الكيميائية في وادي الرافدين، ترجمة:محمود فياض المياحي واخرون، بغداد.
الجادر،وليد، ١٩٩١، موسوعة الموصل الحضارية، ج١،الموصل.

Black,J,&Green,A&Postgate,N.2000, A Concise Dictionary of Akkadian,CDA,Wiesbaden.

Daniel,T,potts, 1997, The Civilization of Mesopotamia material foundation, New York.

Ebeling, Erich. 1950. Parfümrezepte und Kultische Texte aus Assur. Roma: Pontificum Institutum Biblicum , KAR 220.

Escobar,Eduard A, 2023, Tappūtī-bēlat-ekalle (fl. 1200 BCE): A cuneiform tablet on Middle Assyrian perfumery (c. 1200 BCE) Women in the History of Sciencem , UCL Press.

G,Kass-Simmon & Patricia Farnes, 1990,Women of Science.

Labat,Rene,(1994)Manuel D Epigraphe Akkadienne,MDA,Paris

Labat,Rene,(2004)Dictionary of the Cuneiform Signs,translated by Father Albert Abuuna et al.,Baghdad.

Maria,Rosaria Belgiorno, 2020, Ancient Distillation Archaeology about prehistoric Apparatuses of Tape Gawra,EXARC journal.

Speiser.E.A, 1935, Excavation at Tepe Gawra,Iraq,Vol.I,Philadlphia.

Zing Tsjeng,Zhi Ying Tsjeng, 2018, Forgotten women The Scientists, Cassell.